The Journal of Mesopotamian Studies
*Qader, Zeyad Reshad. Letîf Helmet û Şi'îrî Mindalan,*
*The Journal of Mesopotamian Studies, C: 5/1, Winter 2020, s. 111-139.*
Doi: 10.35859/jms.2020.660094

Makale Geliş Tarihi: 16.12.2019
Makale Kabul Tarihi: 16.02.2020

# لەتیف هەڵمەت و شیعری منداڵان

## LETÎF HELMET Û ŞI'ÎRÎ MINDALAN

Zeyad Reshad Qader [1]

**پوختە**

**لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ئەدەبی منداڵانی کورد لە کوردستانی عێراق دەرکەوتووە و سەرەتا بە شیعر و سروودی منداڵان دەستی پێکردووە، یەکێك لەو ناوانەی دەستی لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورددا هەبووە بە شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست لە کوردستانی عێراقدا، (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیرە، . لەتیف هەڵمەت وەك شاعیر و چیرۆکنووسێکی دیار لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی داوەتە نووسین و وەرگێڕانی شیعر و چیرۆك بۆ منداڵان و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەگەر زێوەر و بەشێك لە هاوڕێکانی ڕێبەرایەتی ئەدەبی منداڵانی کورد بکەن لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووە وە تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو. گۆران و ئەدیبانی دوای خۆیشی بە نەوەی دووەمی ئەدەبی منداڵانی کورد دابنرێن، ئەوا لە تیف هەڵمەت لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم بە نوێکەرەوەی زمان و فۆرم و ناوەرۆکی شیعر و چیرۆکی منداڵان دادەنرێت. ئەویش وەك زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی پێش خۆی و هاوسەردەمی خۆی سەرەتا بە شیعری گەوران دەستی پێکردووە، پاشان هاتووەتە سەر بوار و بابەتی منداڵان. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت لە زمان و فۆرمی ئەو شاعیرە قسە بکرێت، هەروەها پەیام و ناوەرۆکی تێکستەکانی بخرێتە بەر باس، هەروەك ئەو سیما و ڕەگەزانەی ئەو شاعیرە لە شاعیرانی بەر لە خۆی جودا دەکاتەوە شرۆڤە بکرێت.**

**بێژەیێن کیڵلی: کوردی، کوردییا ناڤەراست، ئەدەبی منداڵان، زیوەر، گۆران ،لاتیف هەلمەت**

1 zirak1974@yahoo.com, https://orcid.org/0000-0002-7411-871X

# Letif Helmet ve Çocuk Şiirleri


## ÖZ

Kürtçe çocuk edebiyatı yirminci yüzyılın başından itibaren Irak Kürdistan Bölgesi’nde şiir ve çocuk marşlarıyla ortaya çıkmıştır. Orta Kurmanci lehçesinin gelişimine vesile olan isimlerden biri olan Şair Letîf Halmat, Kürtçe çocuk-edebiyatı gelişimine katkıda bulunmuştu. Letîf Halmat ünlü bir şair ve hikâye yazarı olarak geçen yüzyılın yetmişlerinde yazmaya başlamış, birçok çocuk şiiri ve hikayelerini çevirmiş ve hâlâ da devam etmektedir. Eğer Ziwer ve diğer bazı edebiyatçı ve şair meslektaşları yirminci yüzyılın yirmilerinde çocuk edebiyatına öncülük etmişlerse ve geçen yüzyılın sonuna kadar Goran ve arkasından gelen edebiyatçıları da çocuk edebiyatının ikinci nesli olarak sayarsak, o zaman Letîf Halmat yirminci yüzyılın son çeyreğindeki çocuk şiirleri ve hikayelerinin dilini, formunu ve içeriğini yenileyen kişi olarak sayılır. Zamanındaki bir çok edebiyatçı gibi öncelikle o da, yetişkin şiiri ile yazmaya başlamış daha sonra da çocuk edebiyatına geçmiştir. Bu araştırmada şairin dilini konuşacak ve yazım şeklini tartışıcak ve yazılarının içeriğini ve göndermek istediği mesajı göstermeye çalışacağız. Şairin içerik ve yazı tarzını, diğer şairlerden farklarını ortaya çıkartmak için araştırıp üzerinde konuşacağız.


**Anahtar Kelimeler:** Kürtçe, Orta Kurmanci, Çocuk Edebiyatı, Ziwer, Goran, Letif Halmat

## Lateef Halmat and Chilren’s Poems




## ABSTRACT

Kurdish children literature appeared in Iraqi Kurdistan Region in the beginning of the twentieth century with children’s poetry and songs. One of those who contributed to Kurdish children’s literature (middle Kurmanji dialect) development was poet (Lateef Halmat). As a significant poet and story writer he started writing and translating both children’s poem and children’s story in seventies till now. If Zewar and some of his partners are considered as the leader of children's literature in the end of twenties century till the of end the first half of this century, and if Goran and the writers after him are considered as the second generation of the Kurdish children literature, then Lateff Halmat is considered as the renewed of the language, form and content of children’s poetry and story in the last quarter of the twentieth century. He, as well as many of his fellow poets before him at his age started with adult poems first, then they started children poetry afterwards. This research tries to talk about the language and form of this poet, then to discuss the aim, content of his texts, reviewing the features and elements that distinguish this poet from others.


**KeyWords:** Kurdish, Middle Kurmanji, Children Literature, Ziwer, Goran, Latiff Halmat

## دەستپێك

### شیعری منداڵان لە شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاستدا

شیعری منداڵانە کە بەشێکی دیاری ئەدەبی منداڵان پێکدێنێ، دەشێ بڵێین شیعر و هەر ڕستە و دەستەواژەیەکی بەکێش و سەروادار و بە ساز و ئاواز، لەلایەن منداڵەوە بە گشتی زووتر پێشوازی لێ دەکرێ و خۆشەویستە، بۆ نموونە بەسەرهاتێکی ئاسایی یا ڕووداوێکی ڕۆژانە ئەگەر بەشێوەی ئاسایی بۆ منداڵ باس بکرێت لەگەڵ ئەوەی کە بە شێوازێکی ئەدەبی و کۆمەڵێ پەیڤی کێشدار و قافیەدار و بە ڕیتم و ئاوازی تایبەت بگوترێت، دیارە ئەوەی دووەمیان پەسەندترە لای منداڵ و زووتر وەریدەگرێ، شیعری منداڵانیش وەك شیعری نێو ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی چەندین جۆر و ژانری هەیە، لەوانە: چیرۆکەشیعر، شیعری فێرکردن، ئۆپەرێت، شیعری گاڵتەوگەپ و هتد...



سەبارەت بە سەرەتای پەیدابوونی شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، جگە لەو تێکستە فۆلکۆرییە کوردییانەی کە بە شیعر بۆ منداڵان هەن، دەشێ یەکەمین شعریش کە بۆ منداڵان نوسرابێت لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، دەقە فێرکارییەکەی ئەحمەدی خانی بێت بە ناوی نووبارا بچووکان، پاشان ئەو نووسینانەی (مەلا خدری ڕواری)، (شێخ مارفی نۆدی)، (مەولەوی) و (محەمەد باشقە) و هکد... دێن، بەڵام ئەو تێکستانە نیین کە هەموو مەرج و چوارچێوەیەکی ئەدەبی منداڵانیان تێدا بێت. پاشتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو چیرۆك و شیعرانە پەیدا بوون کە ڕوو لە منداڵە و بۆ منداڵ قسە دەکات. لەو کاتەوەی کە زێوەر، پیرەمێرد، بێکەس و دڵدار... سەرەتا بەو شیعرانەی بۆ سروود لە قوتابخانەکاندا دەنووسران دەستیان پێکرد.

هەروەها لە دوای ساڵەکانی پەنجا و شێستەکان ئەدەبی منداڵانی کورد بەتایبەتی بە دیالێکتی کرمانجیی خواروو پێشکەوتنی تازەی بەخۆوە دی، ژمارەیەکی بەرچاو لە شاعیر و ئەدیبانی ئەو سەردەمە پشکدارییان لە بەرەوپێشبردنی ئەدەبی منداڵانی

کورد بە گشتی و شیعری منداڵان بەتایبەتی کردووە، وەك: عومەر عەبدوڕەحیم، فەرەیدوون عەلی ئەمین، عومەر عەلی ئەمین، کاکەی فەللاح، ع.ع.شەونم، زەکی هەناری، ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ڕەمزی قەزاز، فازڵ قەفتان و مەدحەت بێخەو...

هەروەها لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووش کە هاوکاتە لەگەڵ دەرچوونی بەیاننامەی یازدەی ئاداری ساڵی 1970 و دەرکەوتنی دەنگ و قەڵەمی تازە لە بواری شیعر و چیرۆکی گەوراندا، ئەدەبی منداڵانیش بە ڕەنگ و شێوازی دیکە دەرکەوت، کە بەشە کوردستانییەکەی جۆرێك لە کرانەوە و ئازادیی سنووورداری بەخۆیەوە دی، ئەو گۆڕانکارییەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر ڕەوشی نووسین و ڕۆشنبیری لە ناوچەکەدا، لەنێویشیاندا ئەدەبی منداڵان پێشکەوتن و سەرکەوتنی تازەی بەخۆوە دیوە، هەروەها لەڕووی چەندایەتیشەوە بەرهەمگەلێکی زۆری سەر بە ئەدەبی منداڵان نووسراون و چەندین ناو و قەڵەمی نوێ دەرکەوتوون، لەوانە هەر یەك لە دایکی سۆلاڤ، ڕۆستەم باجەلان، عەزیزی مەلای ڕەش، لەتیف هەڵمەت، کازم کۆیی، عوسمان هەورامی... و چەندانی دیکەش لە کات و سەردەم و قۆناخی جودادا بە نووسین و وەرگێڕانی شیعر و ئۆپەرێت و تێکستی دیکەی ئەدەبی بەشدارییان لە پێشخستنی ئەدەبی منداڵانی کورددا کردووە.



پاشان لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ئەدەبی منداڵانی کورد چووە قۆناخێکی نوێوە، ژمارەیەکی زۆر زێتر قەڵەم و دەنگی تازە دەرکەوتن، گەلەك زۆر شیعر و چیرۆك و ئۆپەرێت و شانۆنامە نووسراون و وەگێڕدراون، لێرەدا ئاماژە بە ناوی هەندێکیان دەکەین، کە بریتیین لە: ئیدریس عەبدوڵڵا، بەکر پشدەری، عەلی بەختەوەر، جەمال گردەسۆری، بڕوا موحەممەدی، عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، ئاکۆ محەمەد سابیر، سۆزان سۆفی، سەردار قادر، سەرهەنگ عەبدوڕەحمان، حاتەم باتاسی، زارا ئەحمەد جاف، ڕۆستەم خامۆش، عەبدولوەهاب شوانی، زیاد ڕەشاد، دایکی خەڵات، نیهال عەلی، ئاسوودە زادە، پوشۆ خدر، ئەمین محەمەد، ڕەئوف جەمیل، فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی، زرار عەلی، ئەمین

گەردگیلانی، عەبدوڕەحمان فەهیمی، عوسمان دەروێش، پاکیزە محەمەد عەلی و سەلاح نیساری و چەندانی تر....

### یەکەم: دەروازە

لەتیف کوڕی مەحموود کوڕی محەمەد حەسەن ناسراو بە لەتیف هەڵمەت لە ساڵی 1947 لە شارۆچکەی کفری سەر بە پارێزگای کەرکووك لە باشووری کوردستان لە دایك بووە، هەر لە منداڵییەوە لەنێو کتێبخانەی بابیدا چاوی کراوەتەوە و بە دونیای خوێندنەوە و کتێب ئاشنا بووە، وەك خۆی دەڵێ: "هەر کە لە دایك بووم گوێم لە شیعر بووە، چونکە لە ماڵێکدا گەورە بووم پڕ بووە لە کتێب" (فریاد محەمەد، 2009، ل54-59). سەردەمی پێگەیشتن و دەستدانە نووسینی لەتیف هەڵمەت لە کاتێکدایە کە ڕەوتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە کوردستانی باشوور و ناوچەکە بەگشتی بە قۆناغێکی تازەدا تێپەڕ دەبێت.

ئەو، یەکەم شیعری لە ساڵی 1963دا نووسیوە و لە ساڵی 1970 شدا کۆشیعری خوا و شارە بچکۆلەکەمانی چاپ کردووە (سەرچاوەی پێشوو، ل54-59). هەر لە هەرەتی لاوییەتی نووسینی لەتیف هەڵمەتدا، دەستەیەك لە شاعیرانی نوێخوازی عێراقی گروپی شیعری -69- یان دامەزراند، هەروەها ژمارەیەك شاعیر و نووسەری ئەو سەردەمەی باشووری کوردستانیش مانیفێستی ڕوانگەیان ڕاگەیاند، لەم سەروبەندەشدا لەتیف هەڵمەت و چەند شاعیرێکی دیکەی هاوڕێی، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گروپی شیعری کفرییان دامەزراندووە و هەڵمەت تێیدا ڕۆڵێکی دیاری دیوە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان، پاشتر کە بەیاننامەی یازدەی ئادار دەرچوو و گۆڕانکارییەکی جۆرایەتی بەسەر ڕەوشی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی باشووری کوردستاندا هات، ئەو گۆڕانکارییە زمانی نووسین و ڕەوتی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریشی گرتەوە، ئیدی دوای ئەوە لەتیف هەڵمەت لەپاڵ نووسین بۆ گەورەساڵان لە دوای ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی

ڕابردووەوە، دەستی داوەتە نووسین و وەرگێڕانی شیعر و چیرۆك بۆ منداڵان، سەبارەت بە نێزیکبوونەوەی هەڵمەت لە دونیای منداڵان، ڕەنگە وەك خۆی دەڵێ: "ئێستاش هەست دەکەم جۆرێك لە جۆرەکانی منداڵێتی لەناومدا دەژی، جگە لەو شیعرانەی دەمخوێندەوە، کۆمەڵێ بەیت و بالۆرەی منداڵانە هەبوو کە من لەناویاندا گەورە بووم و هانیان داوم بچمە دنیای منداڵانەوە..." (سەرچاوەی پێشوو، ل54-59).

تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژەر و ڕەخنەگرانی ئەدەبی، لەسەر کۆی کارە ئەدەبییەکانی لەتیف هەڵمەتیان نووسیوە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاو کراونەتەوە، لەناویشیاندا چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی نووسراوە کە سەر بە ئەدەبی منداڵانن، لە خوارەوە بەشێك لەو لێکۆڵینەوانە ئاماژە پێدەدەین، کە لەسەر بەرهەمە منداڵانییەکانی لەتیف هەڵمەتیان نووسیوە:



1 - (نەوزاد عەلی ئەحمەد) لە کتێبی (منداڵ و ئەدەب)، کە چاپی یەکەمی لەساڵی (1998)دا چاپ کراوە و چاپی سێیەکی ئەلکترۆنییشی لە ساڵی (2007)دا بلاو بووەتەوە، لە پاڵ قسەکردن لە ئەزموونی ژمارەیەك لەو نووسەرە کوردانەی بۆ منداڵیان نووسیوە، نموونەی بەشێك لە کارە ئەدەبییەکانی هەڵمەتیشی باس کردووە.

2 - فازڵ مەجید جاف، لە کتێبێکدا کە بە ناوی (شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا)یە و ساڵی (2004) چاپی کردووە، ئەم کتێبە تێزی دکتۆرانامەی نووسەرە، بەشێك لە شیعرە پەروەردەییەکانی لەتیف هەڵمەتی بە نموونە باس کردووە.

3 - کتێبی (ڕوخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت)، کە لەلایەن (موزەفەر مستەفا ئیسماعیل)ەوە نووسراوە و لە ساڵی (2011) چاپ کراوە، کتێبەکە لە بنچینەدا نامەی ماستەرە و لە ساڵی (2008) تاوتوێ کراوە. ئەم کتێبە لە (208) لاپەڕە پێکدێ و نووسەر بە تێروپڕی لەبارەی زمان و کات و شوێن و ڕووداو... لە چیرۆکە منداڵانییەکانی لەتیف هەڵمەت ئاخاوتووە.

4 - (حەمە ساڵح فەرهادی) لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا بە ناوی (پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد)، کە لە ساڵی (2013) چاپی کردووە و لە (340) لاپەڕە پێکدێ، باسی ژمارەیەك لەو شاعیرانەی کردووە کە بۆ منداڵانیان نووسیوە، لە نێویشیاندا (35) لاپەڕەی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ قسەکردن لە شیعرە منداڵانییەکانی لەتیف هەڵمەت.

5 - لە کتێبی (چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا 1970-1990)دا، کە (خالیدە قادر فەرەج) نوسیویەتی و لە ساڵی (2013) چاپ کراوە، لە بەشێکی لێکۆڵینەوەکەیدا، نموونەی بە چیرۆکە منداڵانییەکانی لەتیف هەڵمەتی هێناوەتەوە، ئەم کتێبەش لە بنجدا نامەی ماستەرە و لە ساڵی (1999) تاوتوێ کراوە.

## دووەم: لەتیف هەڵمەت و ئەزموونی نووسین و وەرگێڕان بۆ منداڵان



(لەتیف هەڵمەت) یەکەم شیعری بۆ منداڵان لە ساڵی (1975) نووسیوە و لە ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق)دا بڵاوی کردووەتەوە (حەمە ساڵح فەرهادی، 2013، ل177). یەکەم کۆبەرهەمی چاپکراوی بۆ منداڵانیش لە ساڵی (1979) بە ناوی (جوانترین دێ) چاپ کردووە. کە لە ژمارەیەك شیعر و چیرۆکی منداڵان پێکدێ و لە ناویاندا دەقی وەرگێڕدراویش هەیە. دوای ئەوە بەرهەمەکانی (دەنگخۆشترین مەل)، (هێلانەیەکی تر)، (مناڵ و باران)، (مناڵ و چۆلەکە)، (کاتژمێر)، (گوڵی ناو ئینجانەکە)، (پرسیار لە مناڵ)، (چۆلەکەی سەر دارەکە)، (مناڵ و بووکە شووشە)، (گوێدرێژ و پاشا)، (پشیلەیەك پاسکیل لێدەخوڕێ)، (هەڵەبجە) و (مانگ لە نێوانی هەزار و یەك ئەستێرەدا دەنوێ). وێبسایتی وێکیپیدیادا سەبارەت بەو نووسیویەتی: "لەتیف هەڵمەت لە ساڵی (1979)دەستی کردووە بە نووسین لە بواری منداڵاندا. یەکەم بەرهەمی جوانترین دێ بووە کە بڵاوی کردووەتەوە، تا ئێستە (17) بڵاوکراوەی بۆ منداڵان هەیە. ساڵی (2006) بەرهەمەکانی کۆکراوەتەوە کە دەکاتە

(500) لاپەڕە، هەروەها خەڵاتی ئاپیکی لەسەر دیوانی منداڵان وەرگرتووە، چەند جارێکیش خەڵاتی وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرتووە" .(https://ckb.wikipedia.org)

هەروەها ساڵی (2008) خەڵاتی زێڕینی بلەی پێ بەخشراوە. لەتیف هەڵمەت لە بواری ئەدەبی منداڵان سەر بە نەوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە و دەکەوێتە قۆناغی دوای گۆران و فەرەیدوون عەلی ئەمین و ع.ع.شەونم و کاکەی فەللاحەوە، وەك لە پێشدا ئاماژەی پێدرا ئەو جگە لە شیعر، چیرۆکیشی بۆ منداڵان نووسیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەزموون و تەمەنی نووسینی بۆ منداڵان زێتر لە چل ساڵ دەبێت. بەر لەوەی شیعر و چیرۆکیش بۆ منداڵ بنووسێت و بەناوی کتێبی منداڵانەوە بڵاوی بکاتەوە، لە شیعری گەورانیشدا هەندێ کۆپلە و خورپە و وێنەی وای هەن، ئەگەر بە تەواوی سەر بە ئەدەبی منداڵانیش نەبن، ئەوا نێزیکن لە فەرهەنگ و دونیای منداڵەوە.



## سێیەم: ناوەڕۆکی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت

ئێمە لێرەدا زێتر لەسەر ناوەرۆکی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دەوەستین، ئەوانەی کە لە نووسینی خۆیەتی، تەنیا لەو شوێنانەدا چیرۆکەکان و شیعرە وەرگێڕدراوەکانی بە نموونە دێنینەوە، کە بزانین کۆمەکمان دەکات بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی پتر لە پەیام و ناوەڕۆکی شیعرەکانی. ناوەرۆکی شیعرەکانی ئەو چەندین بابەت لەخۆ دەگرن، وەك:

### 1 ـ خوشەویستیی زێد و نیشتمان

لەتیف هەڵمەت لە هەموو ئەو شیعرانەی بۆ منداڵانی نووسیون لە زۆر جێگا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەوە بە منداڵان دەڵێ کە خۆشترین شوێنی سەر

ڕووی زەوی کوردستانە، دڵگیرترین گوند گوندی ئێمەیە، شار و شاخ و باخ و کانیاوی کوردەواری لە هی هەموو دونیا ڕەنگینتر و ڕازاوەترە، وەك لە چیرۆکەشیعری (جوانترین دێ)دا، کە دەمەتەقێ دەکەوێتە نێوان (ئازاد) و (پەڕەسێلکە)کەی، پەڕەسێلکەکە بە ئازاد دەڵێ هاکا زستان هات ئیدی لێرە کۆچ دەکەین و دەچین شار و شوێنی دیکە دەبینین و دەریات پیشان دەدەم، کە زۆر لە کانیی چکۆلەی گوند جوانتر و گەورەترە، بەڵام ئازاد وەرامی دەداتەوە کە هەرگیز گوندەکەی خۆی بەجێناهێڵێ:

گوندەکەم لە هەموو جیهان قەشەنگترە و

کانیە بچکۆلەکانیشیی لە هەموو دەریاکانی جیهان گەورەتر و

شۆخ‌و شەنگ ترە.[2]

هەروەها لە شیعری (بەچکە ماسی)دا ئەوە بە گوێی منداڵاندا دەدات، کە وەك چۆن ماسی بێ ئاو ناژیێت، ئاوا ئێمەش لە نیشتیمان و شار و شاخی کوردەواری و زێدی باب و باپیران دوور بکەوینەوە، گیان دەسپێرین، بۆیە پێیان دەڵێ وەرن بەڵێن بدەین لە چیا و دار و بەرد و گڵ و لوتکەی ئەم نیشتیمانە بێزار نەبین و بەجێینەهێڵین و تا ماوین سترانی خۆشی بۆ بچڕین:

منیش چرکەیەك لە تۆ بترازێم

لەناخی گڕی ئاوارەییما

هەڵدەکوڕووزێم

دەقرچێ گیانم

ئەمرێ گۆرانی خۆشی زمانم



---

[2] سەرجەم نموونە شیعرییەکان لەم سەرچاوەیە وەرگیراون: لەتیف هەڵمەت، دیوانی منداڵان- شیعرو چیرۆك بۆ منداڵان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکوك، چاپی سێیەم، کەرکووك، ل21، 2013).

ئەی نیشتمانم من ڕۆڵەی تۆم‌و
هەرتۆی شوێن‌و جێم
جێت ناهێڵم و جیا نابیەوە لێم
ئەی نیشتمانم.. شار و شاخ و دێم..
هەتا هەتایە هەر تۆی شوێن و جێم
لە چیاکانت هەرگیز ناتۆرێم
(دیوانی مندالآن، ل13و14)

لە شیعری (منالێکی ئاوارە)شدا، سەرگوزشتەی مندالێك دەگێڕێتەوە کە لە شار و لآتی خۆی ئاوارە بووە، لەبەر نالە و گریانی، پەری و فریشتە لێی دەچنە پێش و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن بۆ چەندین شاری جوان، کە پڕیەتی لە گوڵ و هەنگوین و ئەستێرە و بووکەشووشە و شەکرەسێو و هەنار و دەبدەبەی ڕەنگاوڕەنگ و میوەی شیرین، دەیبەنە شوێنێك کە شار و وڵاتێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بەهەشتێکی فراوانە، کەچی مندالە ئاوارەبووەکە دەپرسێ و هاوار دەکا (ئێرە کوێیە؟)، پاشان داوا دەکات بیبەنەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی.



منداڵێکی ئاوارە بوو لە شاران
هێندە گریا هێندەی نالآن
دەورەیان دا مەلائیکەو پەری ئاسمان
لەگەڵ خۆیاندا بردیان
بۆ هەزاران شاری جوان جوان
بۆ بەهەشتی فراوان
بەهەشتی پڕ گوڵو هەنگوین
بەهەشتی پڕ ئەستێرەی شین
هەزار هەزار بووکە شوشەو
شەکرە سێوو هەناری زێڕینیان دایێ
هەزار هەزار پفیلکی ڕەنگاو ڕەنگ‌و
میوەی شیرینیان دایێ
گریاو گریاو فرمێسکی ڕشت وەکو باران
هاواری کرد: ئێرە کوێ یە؟
ئەڕۆمەوە بۆ نیشتمان.!

(دیوانی منداڵان، ل27)

**ئەو لە شیعری (دیجلەو فورات)دا، لەسەر زاری چۆم و ڕووبارەکانیشەوە، ئەوە بە منداڵان دەڵێ کە دوورکەوتنەوە لە نیشتمان قورس و بەئازارە.**

**کە دوور بین لە نیشتمان**

**دەمان گوشێ دەستی ژان**

**(دیوانی منداڵان، ل115)**

**لە شیعری (خۆشترین جێ)دا، سەربوردەی کەسێکی ئاوارە دەگێڕێتەوە، کە دوای ئەوەی لە هەندەران دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی، منداڵ و پیر و جوان و مامۆستا و شوانی لادێ لە دەوری خڕ دەبنەوە و پێی دەڵێن چۆنت بەسەربرد لە شاران، ئەویش لە بەرسڤیاندا دەڵێ نیوەی دونیا گەڕام، لە هیچ شوێنێك وەکو ئەم دێیەی خۆمان شادمان و دڵخۆش نەبووم:**



**ووتی نیوەی جیهان گەڕام**

**بە فڕۆکەو تۆمبێل پێوام**

**لە هیچ وڵات و جێیە**

**دڵخۆش نەبووم وەك ئەم دێیە**

**(دیوانی منداڵان، ل302)**

**بە هەمان شێوە لە شیعری (نووسین)دا، دوای ئەوەی بە منداڵانی هاوڕێی دەڵێ بنووسن (کوردستان، سەرکەوتن و نەورۆز)، دیسان ئەوە بە گوێیاندا دەچرپێنێ دێیەکەم خۆشترین دێیە:**

**بنوسە ئەی هاوڕێ گیان**

**بە پیتی -کاف- دەست پێدەکا کوردستان**

**تا دەگاتە:**

**بنووسە ئەی هاوڕێکەم**

**خۆشترین دێیە دێکەم**

**(دیوانی منداڵان، ل327)**

**هەڵمەت شیعرێکی دیکەیشی هەیە هەر بە ناوونیشانی (نووسین)، لەم شیعرەشدا لەسەر زاری منداڵانەوە دەڵێ بنووسن لەسەر ئاوێنە و گوڵی جوان و لەسەر دیوار و بیابان و دارستان... هەروەها پەسنی نیشتیمان و ئاوی سیروان و ناوی شەهیدان و خۆری پرشنگدار دەدات، تا لە دوا دێردا ئەوە ڕادەگەیەنێ کە کوردستان جوانترین وڵاتە:**

**دەنووسم لەسەر بەردان**

**جوانترین وڵاتە کوردستان**

**(دیوانی منداڵان، ل341)**

**شاعیر هەر ئەوە نییە بە منداڵان بڵێ خۆشترین جێگای دونیا کوردستانە و بچینە هەر جێگایەك بۆی دەگەڕێینەوە، بەڵکو لەگەڵ منداڵان دەڵێ هەر چیمان هەیە دەیبەخشینە نیشتیمان، وەك لە شیعری (پاك و خاوێنی)دا دەڵێ:**



***هەرچیم هەیە.. دڵم.. گیانم***

***دەیبەخشمە نیشتیمانم***

***(دیوانی منداڵان، ل30)***

**هەروەها لە شیعری (پێشوازی زستان)دا، بە زستان دەڵێ وەك چۆن تۆ فرمێسك دەبەخشییە نیشتیمان، ئێمەش ئاوا گیانی پێ دەبەخشین:**

***ئێمەش هەموو وەکو تۆین***

***ئەوینداری باخ و کۆین***

***تۆ فرمێسك و ئێمە گیان***

*دەبەخشینە نیشتمان*

*(دیوانی منداڵان، ل49)*

**لەتیف هەڵمەت گۆرانی بۆ باران و ڕووبار و جوتیار و شوان و کرێکار... دەچڕێ، وەلێ گۆرانییە هەرە جوانەکەی، ئەوەی کە لە هەموو گۆرانییەکانی دی جوانترە، بۆ جوانی نیشتمانی دەچڕێ:**

*گۆرانی دەڵێم بۆ باران*

*دەمان داتێ ئاوو نان*

**تا لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:**

*بەڵام کام گۆرانیم جوانە*

*بۆ جوانی نیشتمانە*

*(دیوانی منداڵان، ل159)*

**دیارە نیشتیمانی لەتیف هەڵمەت پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە خۆ دەگرێ، وەك لە شیعری (پۆستی کوردستاندا) لەسەر زاری منداڵێکەوە گلەیی لە پۆستەچی دەکات:**



**ئەی پۆستەچی**

**ئەی پۆستەچی**

**لەکوێوە دێی بۆ کوێ دەچی**

**بۆچی نامەی براکەممم**

**بۆ ناهێنێ لە قامیشلی..؟**

**(دیوانی منداڵان، ل322)**

**لە شیعری (باڵ)یشدا لەسەر زمانی منداڵێکەوە خۆزگەی ئەوە دەخوازێ لە سلێمانییەوە بچووبایە بۆ لوڕستان یاریی لەگەڵ منداڵانی ئەوێ بکردایە.**

**ئەو تەنانەت لەو شیعرەی باسی یاری و تۆپیش دەکات، ئەوە دەخاتە دڵی منداڵانەوە کە گەورە بوون دەبن بە پێشمەرگە و پاسەوانی نیشتیمان، وەك لە شیعری (تۆپەکەم)دا دەڵێ:**

*تۆپەکەم سرك و شەنگە*

پڕ لە گوڵی ڕەنگ ڕەنگە
تا لە کۆتاییدا دەڵێ:
من منداڵێ بەهێزم
تۆپی خۆم دەپارێزم
گەورەش بووم پاسەوانم
بۆ گەل و نیشتمانم
(دیوانی منداڵان، ل86و87)

ئەمەو لە زۆرێك لە شیعرەکانی دیکەی لەتیف هەڵمەتدا، گیانی خۆشویستنی نیشتیمان و بەرز ڕاگرتنی ناوی شەهید و ستایشکردنی ڕاپەڕین و لاواندنەوەی هەڵەبجە و خۆشویستنی زمانی کوردی و یادکردنەوەی نەورۆز و هتد... بە ڕوونی دەبینرێ.

## ب ـ بایەخدان بە لیستکی منداڵان



ئەگەر شیعری (تۆپەکەم) و بەشێك لە شیعرەکانی دیکەی لەتیف هەڵمەت، زێتر کوڕانە بن و بۆ منداڵی کوڕ گوترابن، ئەوا بەشی زێتریشی بۆ منداڵانی کچ نووسیوە، لەنێو هەموو ئەو شیعرانەی کە خوێنەر وا هەست دەکات لەگەڵ منداڵی کچ دەدوێ زۆرترینیان لەسەر زمانی بووکەشووشە یا لەگەڵ بووکەڵە دەدوێ، چونکە وەك ئاشکرایە منداڵ و بووکەڵە، بەتایبەتی منداڵی کچ زۆر بەیەکەوە پەیوەستن، ئەگەر منداڵێکی کچ بووکەڵەی نەبێ وەك ئەوە وایە هەموو شتێك یا شتێکی زۆر گەورەی لێ زەوت کرابێ، بۆیە منداڵ پێویستی بە بووکەڵە هەیە، چونکە ئەمە "ئاسوودەبوونێکە بۆی کە خەم و ئێش و ئازار و نەخۆشییەکانی پێدەردەکات و متمانەش لەلای دروست دەبێ" (کۆمەڵێ پسپۆڕی ئەمەریکی، 2005، ل53). جا ئەمە بۆ هەموو تەمەنێکی منداڵی کچ ڕاستە بە شێوازی جیا، بۆ نموونە "منداڵ لە تەمەنی 3 ساڵی چەندین جار ئارەزوی ئەوە دەکات بووکەڵانەکەی بخەوێنێت، پاشان خەبەری بکاتەوە، بەڵام کچە منداڵی پێنج ساڵان مەیلی چالاکی گەورەتر دەکات" (سەرچاوەی پێشوو، ل54). بۆ نموونە لە شیعری (بووکە شووشە)دا دوای

**ئەوەی ستایشی پرچ و چاو و ڕومەت و خەندە و جل و پەنجە و ملوانکەی بووکەڵەکەی دەکات، پاشان دەڵی من شتی دەدەمێ بەڵام ئەو وەریناگرێ و خەوی دێ:**

**بووکە شووشەکەم شەنگە**
**شەڕ ناکاتو بێدەنگە...**

**تا دەگاتە:**

**شتی جوانی دەدەمێ**
**ئاوو نانی دەدەمێ**
**وەری ناگرێ  نایەوێ**
**ماندوو بووە.. ئەخەوێ..!**
**(دیوانی منداڵان، ل**31**)**

**لە شیعری (بووکە شووشەکەم)یشدا، باسی ئەوە دەکا کە باران باریوە بووکەشووشەکەی تەڕ دەبێ و دوایی سەری ژان دەکات و نەخۆش دەکەوێ، بۆیە دەڵێ دەبێ جلی تازەی لەبەرکەم:**



**دەبێ دەستو برد بکەم**
**جلی تازەی لەبەرکەم**
**مەگری بووکەشووشە گیان**
**وا بۆت دێنم جلی جوان**
**(دیوانی منداڵان، ل**323**)**

## ج ـ هاندانی منداڵان بۆ خوێندن و فێربوون

**هاندانی قوتابییان بۆ چوونە قوتابخانە و خۆشەویستی زانست و کتێب و دەفتەر و ڕێزگرتن لە مامۆستاش، پانتاییەکی زۆری لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا گرتووە، وەك لە شیعرەکانی (باخچەی فێرگە، قوتابخانە، مناڵانی باخچە، پاداشتی ماندووبوون، خەو و کەڵەشێر...) ئەوە چەند بارە کراوەتەوە کە قوتابخانە و باخچەی منداڵان خۆش و دلگیرن، کەلوپەلەکانی دەپارێزین و ڕێزی مامۆستا**

**دەگرین، لە قوتابخانەوە فێری زانیاری دەبین و مامۆستا کە ڕابەرمانە شەوەزەنگمان بۆ ڕووناك دەکاتەوە، بە خوێندنەوە و ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانە پێش دەکەوین و سەردەکەوین، لە شیعری (قوتابخانە)دا، ئەوها پەسنی زانست دەدات و خوێندنگە بە مەڵبەندی بیر و هۆش ناوزەد دەکات:**

**قوتابخانە زۆر خۆشە**

**مەڵبەندی بیر و هۆشە**

**ئەپارێزم باخچەکەی**

**دەرگا و شووشە و پەنجەرەی**

**بەرد ناهاوم بۆ داری**

**پڕ لە گوڵ و هەناری...**

**(دیوانی مندالان، ل108-109).**

**ئەو ئاوڕ لە چەندین پرس و باسی پەروەردەیی و فێرکاری دەداتەوە و تۆوی ڕەوشت و خۆشەویستی و ڕێز لە یەکدی گرتن لە دڵ و دەروونی منداڵدا دەچێنێ و گیانی یەکتر قەبوڵ کردن و تەبایی لای زارۆکان خۆشەویست دەکات.**



## د ـ پرسی ئازادی و ئیرادە

**هەروەها لەتیف هەڵمەت لەسەر زمانی گیاندار و بێ گیان و منداڵانەوە، وانەی ئازادی دەڵێتەوە و ئەوە ڕادەگەیەنێ دیلێتی و قەفەس زیان بە ژیان و ماف و ئیرادەی مرۆڤ دەگەیەنن، هەر وەك لە شیعرەکانی (دەنگ، دارتاش، وێنەی باخچە و باڵندە...)دا، جاڕی شکاندنی قەفەس دەدات و گۆرانی بۆ ئازادی دەچڕێ، لە شیعری (دارتاش)دا سوێند دەخوات کە هەرگیز قەفەس دروست نەکات:**

**گەر دارتاش بم بە مشار**

**دەبڕمەوە تەختە دار**

**لە داری چنار و گوێز**

**دروست دەکەم تەختە و مێز**

**کورسی قوتابخانەو ماڵ**

**بۆ گەورەو هەم بۆ مناڵ**

**جۆلانێ دروستدەکەم**

بۆ کۆرپەی خەندە بە دەم

بەڵام سوێند بێ... سوێندی بەرز

قەت دروست ناکەم قەفەز

نەوەك ڕۆژێ زۆرداری

تیا بەند بکا باڵداری..!

(دیوانی منداڵان، ل113)

## ٥ ـ ڕێزگرتن لە خاوەن پێداویستیی تایبەت

شاعیر لە چەندین دەقدا وا لە منداڵ دەکات ڕێز بۆ کەمئەندام و خودان پێداویستییە تایبەتەکان دابنێ، هەروەها هانی زارۆکان دەدات ڕێزی نابیناکان بگرن، ئەو بە منداڵان دەڵێ هاوڕێ نابیناکانمان بە دڵ سەیری ژیان دەکەن:

*گەلێ هاورێی نابینا هەن*

*بە دڵ سەیری ژیان دەکەن*

*سەیری ڕەش و سپی دەکەن*

*بە دڵ ڕاستی بەدی دەکەن*

*(دیوانی منداڵان، ل320).*



لەتیف هەڵمەت لە چەند دەقێکدا، بەرگری لە کێشەی فەلەستین دەکات و بە چاکە ناوی قودس و بەیروت دێنێ و زەمی ڕژێمی ئیسرائیلی دەکات، بەتایبەتی لە یەکەم کۆبەرهەمیدا. ئەو ژمارەیەك شیعر و چیرۆکیشی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەروەك سوودی لە ناوەرۆك و بیرۆکەی کۆمەڵێ دەقی ئەدەبی ئازەری دیوە و ئاماژەی پێداون. جگە لەمانەش کۆمەڵێ شیعری جیهانی کە لەلایەن منداڵەوە بۆ منداڵ نوسراون لە عەرەبییەوە گۆڕیوە بۆ سەر زمانی کوردی، کە ئەمە لە ئەدەبی کوردیدا وێنەی دەگمەنە.

## چارەم: فۆرمی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت

زمانیی شیعریی لەتیف هەڵمەت زمانێکی ڕەوان و پاراو و ناسکە، ئەو کوردیزانێکی کارامەیە و تابلێیی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ وشە و ڕستە و وێنەی شیعریدا، ڕەنج دەدات و خۆی ماندوو دەکات و وەستایەتی بەکاردێنێ، چون ئەندازیارێکی زیرەك لە وشەی ڕۆژانە و پەیڤی نێو فەرهەنگ و یاریی منداڵان، باڵاخانەی قەشەنگی شیعر و پەخشان بونیاد دەنێت. چوون نیگارکێشێکی بەسەلیقە کە فلچە و مەرەکەبەکەی هەقایەت و داستانی خۆش خۆشن، وێنەی قەشەنگی وەها دروست دەکات، گەورە و منداڵ سەراسیمە دەکات، لە شیعری (پێشوازی زستان)دا نووسیویەتی:

ئەی زستانی باو باران

کچۆڵەی چاو پڕ گریان

تۆی بە فرمێسکی ڕەوان

گوڵڕێژ دەکەی گشت جیهان

(لەتیف هەڵمەت، ل49)

ڕاستە بەر لە لەتیف هەڵمەت، لە ئەدەبی کوردیدا شیعری ئازاد بۆ منداڵان نوسراوە، بەڵام ئەو لە ڕووی ژمارەوە زۆرترین شیعری ئازاد و چیرۆکە شیعر و پەخشانە شیعری بۆ منداڵان نووسیوە، کە بەشێکیان زۆر درێژن، هەروەها لەو شیعرانەشی کە ئازاد نیین و شیعری کێشدار و سەروادارن زۆربەیان لەسەر کێشی حەفت بڕگەیی و هەشت بڕگەیین، بەڵام لەتیف هەڵمەت بەهۆی ئەوەی شیعری ئازادی زۆرە و لە شیعری گەورانیشدا شیعری ئازاد دەنووسێ، هەروەها بۆ منداڵانیش جگە لە شیعر چیرۆکیشیان بۆ دەنووسێ، بۆیە لەو شیعرانەی کێشدار و سەرواداریشن، هەندێ جار زۆر گوێی بە ژمارەی بڕگەکان نەداوە و هەندێ شیعری بۆ نموونە کۆپلەیەکی حەفت بڕگەییە، دوایی لە کۆپلەیەکی دی دەبێتە هەشت بڕگەیی، شیعری وای هەیە هەمووی هەشت بڕگەییە، لە نیوە دێری کۆتاییدا بڕگەیەکی بۆ زیاد دەکا یا کەم دەکا، بۆ نموونە لە شیعری (خەون)دا دەڵێ:

من خەونێکی خۆشم دی

مانگ هاتبوو بۆ سەر زەوی

لە شەوی ئەنگوستەچاوا

128

مەلەی ئەکرد لە ئاوا
بەدرێژایی شەو تا بەیان
مانگی دەم بەخەندەو جوان
لەگەڵ سەدان ماسی ورد
هەر یاری و مەلەی دەکرد
(دیوانی منالآن، ل191)

وەك دەردەکەوێ ئەم چەند دێرەی سەرەوە حەفت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی و نۆ بڕگەییشی تێدایە.

لە شیعری (زستان)یشدا، ژمارەی بڕگەکانی هەموو نیوە بەیتەکانی وەکو یەك نین، ئەوەتا دەڵێ:

کاتێ من دێم بەفر دێ
سپی دەبێ شار و دێ
منالٚ بۆ کۆلاّن ڕادەکەن
شێرە بەفرینەی تیا دەکەن...
(دیوانی منالآن، ل220)

هەروەها لە شیعری (ئاسمان)دا کە شیعری وەرگێڕدراوە و بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

ئاسمان هەتا بلێی بەرزە
زستان هەر بارانەو تەرزە
(دیوانی منالآن، ل169)

کە بە کێشی هەشت بڕگەیی نووسراوە، کەچی لە نیوەی شیعرەکەدا بووە بە حەفت بڕگەیی، وەك دەڵێ:

هەنگاو بۆ هەر کوێم دەبات
ئاسمان تەماشام دەکات
(دیوانی منالآن، ل169)

تەنانەت لە نیوە دێری کۆتاییدا دەبێتە شەش بڕگە و دەڵێ:

*مانط و ئەستێرە و هەتاو*
بۆ ئاسمان بوون بە چاو
(دیوانی *منالآن، ل169*)

هەم کێش و هەم سەروا لەلای منداڵ بایەخی زۆری هەیە و زۆربەی ئەو گۆرانی و یارییە فۆلکلۆرییانەش کە لای منداڵ خۆشەویستن گرنگیی بە کێش و سەروا دراوە، لەتیف هەڵمەت یەکێك لەو شاعیرانەیە زۆر بایەخی بە سەروا (قافیە) داوە، لە شیعرە ئازاد و چیرۆکەشیعرییەکانیشیدا، کە کێشی شیعر فەرامۆش دەکرێ، بەڵام بە بەردەوامی یەکێتیی قافیەی پاراستووە، ئەوەش خاڵێکی هێزی شاعیرە لەو ڕوانگەوەی کە وەك عەزیز گەردی دەڵێت: "سەروا دیاردەیەکی زەقی شیعری جیهانییە بەگشتی و شیعری کوردییە بەتایبەتی، شیعری کوردی هەر لە سەرەتاوە تا بیستەکانی سەدەی بیستەم، بە هەردوو جۆریەوە (نووسراو و زارگۆتن)، بە هەموو زارەکانییەوە، زۆر پابەندی سەروا بووە، دەستبەرداری کێشی یەك ڕەنگیش بووبێ (وەکو هەندێ بەیتی فۆلکلۆری) دەستبەرداری سەروا نەبووە" (عەزیز گەردی، 2005، ل6). لەگەڵ ئەوەش لە چەند شوێنێکی کەمی شیعرەکانیدا قافیەی زۆر دووبارەبووەوە و سواوی بەکار هێناوە، یا هەندێ قافیە و پاش قافیەی وای بەکار هێناوە ڕیتم و ئاوازی شیعرەکەی لەنگ کردووە، بۆ نموونە لە شیعری (کەڵەکێوی)دا، کە وەك خۆی دەڵێ بنەڕەتی شیعرەکە لە دەقێکی ئازەرییەوە وەرگیراوە دەڵێ:

لەپڕ شاخی کەڵەکێوی
گیر بوو لە شورەی تەلەزی
(دیوانی منالان، ل256)

لێرەدا بۆ وشەی (کەڵەکێوی) کە هاوقافیەی (ڕێوی، پشێوی، بزێوی، بەدنێوی...)یە، ئەو هاتووە (تەلەزی) هەڵبژاردووە! هەروەها لە بەشێکی دیکەی شیعرەکانیدا بۆ وشەی (بدەرێ)، وشەی (مەدەرێ)ی کردووەتە هاوسەروا، یا بۆ هەردوو وشەی (قەڵای) و (گوڵاڵەی) پاش قافیەی (خۆی دەدوێ)ی بەکار هێناوە، بۆ وشەی (ببینم)،

وشەی (دەچم) و بۆ وشەی (پێکەنی)ش وشەی (گەوجێتی) کردووەتە هاوسەروا و هتد... هەروەها لە هەندێ شوێندا بە (کۆ) قسە دەکات، کەچی بۆ ڕاگرتنی قافیەی شیعر دەیکات بە (تاك) یا بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە لە شیعری (بووکەشووشە)دا دەڵێ:

چاوەکانی ڕەش ڕەشە
دەمی پڕ خەندەی گەشە
(دیوانی منالان، ل31)

لێرەدا مادام باسی چاوەکان هاتووە، دەبوو بنووسرێ (ڕەشن)، نەك (ڕەشە)، بەلام بۆ ئەوەی لەگەڵ (گەشە) ببێتە هاوقافیە وای نووسیوە. هەروەها لە شیعری (تابلۆیەك)دا دەڵێ:

دوکەڵێکی ڕەش‌و چڵکن

بەدەوریدا ورووژاوە
بەهەزاران منالو ژن
لە ناوەندی تابلۆکەدا کوژراوە
(دیوانی منالان، ل295)

لێرەشدا بۆ هەزاران منداڵ و ژن، (کوژراون) بەکار دێ نەك (کوژراوە)، لێ بۆ ئەوەی لەگەڵ (وروژاوە) ڕێك بکەوێ کردوویەتی بە (کوژراوە). لە شیعری (پەڵە هەور)یشدا، چەند کۆمەڵێ بەرخی هەیە، بەلام لەبری ئەوەی بڵێ بێ لەکەن، دەڵێ بێ لەکەیە، تا ببێتە هاوسەروای (هەیە):

چەند کۆمەڵێ بەرخم هەیە
سپی سپی بێ لەکەیە
(دیوانی منالان، ل50)

سەبارەت بە ناوونیشانی شیعرە مندالانییەکانی لەتیف هەڵمەت، پێویستە ئەوە بگوترێ کە لە هەڵبژاردنی ناوونیشاندا، توانیویەتی زیرەکانە مامەڵە بکات و هەر ناوونیشانێك گوزارشتێکی زۆر نێزیکی ناوەرۆکەکەی بێ، لەگەڵ ئەوەش بەشێك لە

ناوونیشانەکانی زۆر لەیەکەوە نێزیکن، بۆ نموونە ئەو شیعرێکی هەیە بە ناوی (بووکەشووشە)، شیعرێکی دیکەی هەیە بەناوی (بووکەشووشەکەم)، تەنانەت ناونیشانی دووبارەبووەوەشی هەیە، دوو شیعری هەیە بەناوی (دارستان)، دوو شیعری هەیە بەناوی (مامۆستا)، زێتر لە شیعرێکی هەیە بەناوی (باران) و هتد... هەروەها هەندێ لە ناوونیشانەکانی زۆر درێژن، وەکو: (مار نابێتە هاوڕێی کەس)، (وەرزەکان چەند مانگن)، (ناونیشانی منالآنی کوردستان)، (دەنگو ئاوازی کۆتر) و (دیرۆکی شەڕی دوو بزن) و هتد...

لەتیف هەڵمەت هەندێ کەرەستە و وشە و خوازەی نوێی هێنایە نێو ئەدەبی منداڵانی کورد، کە پێشتر یا نەبوون، یا زۆر دەگمەن بوون، ئەو لەگەڵ نووسینی شیعر، چیرۆکیشی فەرامۆش نەکرد، لە هونەری شیعر نووسینیشدا، شیعری ئازادی زۆری هەیە، هەروەها ئەو هونەرەی کە پێی دەگوترێت چیرۆکەشیعر زۆر پەرەی پێدا، ژمارەیەکی بەرچاو دەمەتەقێ و ئۆپەرێتی نووسیوە، سوودی لە بیرۆکەی شیعر و چیرۆکی گەلانی دیکە وەرگرتووە و لە بەرهەمی منداڵانەی ئەوانیشی کردووە بە کوردی، لەناو بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیشیدا ئاوڕی لەو شیعرە بیانییانە داوەتەوە کە منداڵ بۆ منداڵی نووسیوە.

بەشێکی دەقەکانی لەتیف هەڵمەت کە بۆ منداڵان نوسراون، پەخشانەشیعرن، کە دیارە "پەخشانە شیعر نووسینێکە لە ڕواڵەتی پەخشاندا بەڵام هەلگری توخمە باوەکانی شیعرە، وەك: کێش، هونەرە کەلامیەکان، لەحنی تایبەت، سەروای ناوەکی، هاوئاهەنگی پیتەکان و وێنە دیداری و ژنەفتەنیەکان" (بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، 2004، ل 113). بەشێك لە پەخشانە شیعرییەکان وشەی قورس و خوازە و وشەی جوت مانای وای تێدا هەیە، کەم منداڵ هەیە تێی بگات. لە پەخشانە شیعری دارستاندا وەهای نووسیوە:

بۆ نایەڵن تاوێ لەسەر

سەوزە گیای قژ نەرما بۆ خۆم

لەسەر گازەرای پشت ڕاکشێم
کاژی ماندوێتیێ دووریی ڕێم
دابماڵم لە ئەستۆم..
لە گۆمی خەوی شیریندا.. هێمن هێمن..
تەپو تۆزی کۆچو بارم لە خۆم بشۆم..
(دیوانی منالان، ل43)

ئایا منداڵ لەم وەسف و گوزارشت و ڕەوانبێژییە تێدەگات؟ دیارە ئەم وێنە شیعرییانە بۆ منداڵ قورسن، بەتایبەتی بۆ منداڵانی خوار تەمەنی دە ساڵان. ئەو لە شیعرەکانیشیدا وەك کەسێکی زمانپاراو و کوردیزانێکی کارامە دەرکەوتووە، وەلێ ئەو کوردیزانییەی ئەگەر لە زۆر باردا کۆمەکیان کردبێ تا شیعری بەپێز و قەشەنگ بۆ منداڵان بنووسێ، ئەوا لە هەندێ شوێندا، بوونەتە هۆی گرانکردنی فۆرمی شیعرەکانی و وەك دەقێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی خۆیان پیشانی منداڵ بدەن، بۆ نموونە منداڵ چ لە وشەکانی -ڕەزن، یادگە، دەغەزار، قەقنەس، مەلۆش، هەژگ، تیلماسك، زگار، کاکێشان، چنچڵی، ڕچی، پۆرخز، ناقرە و بۆقەتە...- تێدەگات، یان ئەگەر لە ناوچەیەکیش بەکار بێن، بەشی زۆری منداڵی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، کە دیالێکت و بەشە دیالێکتی دیکە دەئاخفن، لەوە ناچێ تێی بگەن.

لەتیف هەڵمەت کۆمەڵێ وشە و زاراوەی جوانی لە دەقە ئەدەبییەکانی بەکار هێناوە، ئاخر ئەو فەرهەنگی شیعرە منداڵانییەکانی پڕن لە وشەگەلی - گوڵ، نیشتیمان، بەهەشت، پەری، خەندە، باخچە، هێلانە، جۆلانێ، پەپوولە و ئاسمان و هتد...- بەڵام لە بەکاربردنی زۆر وشە و زاراوەیش کە ڕەنگە زۆر پێویست نەبن لە تێکستی منداڵاندا بەکار بێن، کەچی ئەو بەکاری هێناون، بەتایبەتی لە ئەزموونە بەراییەکانیدا، وشەگەلی - قەنارە، خوێن، پەژارە، تابووت، چەپەڵ، دێزە، نەگریس، بەدکار، دڕندە، بۆگەن، ناپاك، بێ ئەمەك، تف، تفەنگ، تانك...- لە تێکستەکانیدا دەبینرێن، کە ئەمەش ئەگەر زیانی بە ئەدەبی منداڵانی ئەو نەگەیاندبێت، ئەوا هەرگیز قازانجی نەبووە، ئەمە بەلەربەچاوگرتنی ئەوەی کە هەندێکیان بەر لە سی

**چل ساڵ لەمەوبەر نووسراون، بۆیە ئەگەر بکەونە بەر دادگای ڕەخنەش دەبێ ڕەچاوی ئەو سەردەمە بکرێت و بە چاوی ئەو قۆناغە هەڵبسەنگێنرێن. بەڵام ئەو چونکە فەرهەنگی زمانی دەوڵەمەندە و لە بەکاربردنی وشە و ڕستەدا خودان ئەزموون و وەستاییەکی چاکە، زێدەڕۆییی نییە گەر بڵێین هیچ ڕستە و بەیت و وێنەی کرچوکاڵ و بێ واتا نادۆزیتەوە. هەروەها لە وشە و زاراوەی نێو دیالێکتی کرمانجی خوارووداشارەزایە و تا ڕادەیەکی زۆریش ڕەچاوی ڕێنووسی جوانی کردووە و جوان مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، لەگەڵ ئەوەش لە هەندێ شوێندا لە پێکەوەلکاندنی وشە و پاشگرێك، یا لە یەك جوداکردنەوەی پێشگرێك و وشەیەکدا، وەکو پێویست ورد مامەڵەی نەکردووە، بۆ نموونە لە چیرۆکە شیعری -جوانترین دێ- دا نووسیویەتی:**

**گوندەکەم لە هەموو جیهان قەشەنگترەو کانیە**
**بچکۆلەکانیشیی لە هەموو دەریاکانی جیهان گەورەترو**
**شۆخو شەنگ ترە**
**(دیوانی مناڵان، ل21)**

**ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بۆ (کانییە)ش یەك (ی) بەکار بێنێ و بنووسێ (کانیە)، بەڵام دیار نییە بۆچی لەباتی (بچکۆلەکانیشی)، نووسیویەتی (بچکۆلەکانیشیی)! یان لە (قەشەنگتر) و (گەورەتر) دروستی نووسیوە، کەچی هەر لە دوای ئەوە لەباتی (شۆخو شەنگتر)، نوسیویەتی (شۆخو شەنگ تر). هەروەها (بووکەشووشە)ی بە (بووکە شووشە) و (بووکە شوشە)ش نووسیوە، لەباتی (جوانیی دایك)، ئەو (جوانی دایك)ی نووسیوە، لە هەمان دەمدا (با نابینرێ)ی کردووەتە (با نابیینرێ)، (گۆرانیی پیتەکان)ی نەنووسیوە و (گۆرانی پیتەکان)ی نووسیوە، وشەی (لەسەرخۆ)ی بە (لە سەر خۆ) نووسیوە، کەچی لەجیاتی (با پیر نەبین) ئەو (باپیر نەبین)ی نووسیوە... ئێمە دەزانین بەیەکەوە لکاندنی وشە لەگەڵ پێشگر و پاشگر، یا نووسینی یەك (و) و دوو (و)، یا بەکار هێنانی یەك (ی) و دوو (ی) لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە ڕێنووسی ئەلفبای عەرەبیدا کێشەی زۆری هەیە و یەکلا نەکراونەتەوە، چونکە**

"چەند جارێك كۆڕ و كۆبوونەوە و سیمیناری تایبەت ڕێك خراوە بۆ یەكخستنی ڕێنوسی زمانی كوردی و ڕێككەوتن لەسەر هەندێك وشە و زاراوە كە كێشەی تێدا هەیە، بەڵام بەشی زۆری ئەو گردبوونەوانە ئەنجامی دڵخۆشكەری لێ نەكەوتووەتەوە" (زیاد ڕەشاد قادر، 2013، ل 33). بەڵام ئەم نموونانەی باسمان كردن دەكەونە دەرەوەی ئەو كێشانەوە.

هەروەها لەتیف هەڵمەت لە بەكارهێنانی هەندێ وشەدا، وەكو پێویست و ورد مامەڵەی نەكردووە، ئەگەرچی ئەو وشانە زۆر دەگمەنیش بن، بەڵام مادام لە بەرهەمی سەر بە ئەدەبی منداڵاندایە، زووتر هەستی پێ دەكرێ و كەمتر بواری ئەوەی تێدایە لەژێر ناوی گەمەكردن بە وشە و لێسەندنەوەی دەسەڵات لەم وشە و پێدانی بەو وشەدا جێگایان بكرێتەوە، نازانم بۆچی ئەو (مەڕ و پەز)ی پێكەوە بەكارهێناوە، لەكاتێكدا یەك مانایان هەیە و لەنێو ئەو دەربڕینە جوتپەیڤانەشدا جێگای نابێتەوە كە لە كوردیدا باون، وەكوو (بەژن و باڵا)، (جێ و مەكان) و (بەخت و مراز)... كە یەك مانایان هەیە و هەندێ جار هەردوو وشەكە كوردین و هەندێ جاریش وشەیەكیان كوردییە و ئەوەی دیكە هی زمانێكی دیكە و هاتووەتە نێو زمانی كوردییەوە (Ocek, 2014, r51). هەروەها وشەی (پڕمە) بۆ گریان بەكار دێ، كە بە واتای - شیوەن، گریانی بەهێز، گریانی لەناكاو- دێ، كەچی ئەو (پڕمەی پێكەنین)ی بەكار هێناوە. لە شوێنی دیكەدا (فرمێسكی قاڵ) و (كۆتری مۆر)ی بەكار هێناوە! هەروەها لە شیعری فێركاریدا وەك چۆن گرنگە شاعیر زمانێكی سادە و نەرم بەكار بێنێ و خۆی دوور بگرێ لە زمانی ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ، لەویش گرنگتر ئەوەیە زانیاریی نادروست بە منداڵ نەڵێت.

## ئەنجام

لەتیف هەڵمەت وەك شاعیر و چیرۆکنووسێکی دیار لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی داوەتە نووسین و وەرگێڕانی شیعر و چیرۆك بۆ منداڵان و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەگەر زێوەر و بەشێك لە هاوڕێکانی ڕێبەرایەتی ئەدەبی منداڵانی کورد بکەن لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووە وە تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو. گۆران و ئەدیبانی دوای خۆیشی بە نەوەی دووەمی ئەدەبی منداڵانی کورد دابنرێن، ئەوا لە تیف هەڵمەت لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم بە نوێکەرەوەی زمان و فۆرم و ناوەرۆکی شیعر و چیرۆکی منداڵان دادەنرێت. ڕاستە بەر لە لەتیف هەڵمەت، لە ئەدەبی کوردیدا شیعری ئازاد بۆ منداڵان نوسراوە، بەڵام ئەو لە ڕووی ژمارەوە زۆرترین شیعری ئازاد و چیرۆکە شیعر و پەخشانە شیعری بۆ منداڵان نووسیوە، جگە لە پێشخستنی هونەرەکانی چیرۆکەشیعر و دەمەتەقێ و شیعری ئازاد لە ئەدەبی منداڵانی کورددا، هەروەها چ وەك وەرگێڕان یا سوود وەرگرتن لە بیرۆکەی دەقی ئەدەبی بێگانە، بەرهەمگەلێکی عەرەبی و ئازەری و هی تری کردووە بە کوردی، ئەو یەکێکە لەوانەی بایەخی زۆری بە وەرگێڕانی ئەو دەقە ئەدەبییانە داوە کە لەلایەن منداڵانەوە بۆ منداڵان نووسراون. ئەگەرچی مێژووی نووسینی لەسەر هیچ یەکێك لە تێکستەکانی نەنووسیون، بەڵام ئەوەندەی لە ڕێگەی ساڵی بڵاوکردنەوەی چاپی یەکەمی کتێبەکانییەوە دەردەکەوێ ئەوەیە کە زمان و ستایلی نووسینی هەموو شیعرەکانی وەکوو یەك نیین. ئەویش وەکوو شاعیرانی پێش خۆی و هاوسەردەمی خۆی، سەرەتا بە شیعر و نووسین بۆ گەوران دەستی پێکردووە، دواتر ئاوڕی لە بواری ئەدەبی منداڵان داوەتەوە. هەروەها بە سەرنجدان لە کۆی بەرهەمەکانی لەتیف هەڵمەت بە شیعر و پەخشانییەوە، ئەوەش دەردەکەوێت کە ناوبراو هەرگیز شیعری ئایینی و شیعری گاڵتەوگەپ و مەتەڵە شیعری نەنووسیوە. چیرۆکی کورت و درێژیشی هەیە، بەڵام لە ئەزموونی نوسینیدا هیچ ڕۆمان و نۆڤلێتێکی بۆ منداڵان نەنووسیوە.

ناوەڕۆکی ئەو شیعرانەی لەتیف هەڵمەت کە بۆ منداڵانی نووسیون، مژارەکانی نیشتمانپەروەری و هاندانی منداڵان بۆ زانست و فێربوون و هاندانی منداڵ بۆ ڕێزگرتن لە خاوەن پێداویستی تایبەت و هەروەها جوان نیشاندانی پرسی ئازادی و باوەڕبەخۆبوون و بایەخدان بەو کەرەستە و لیستکانەی منداڵ یارییان پێدەکات، پانتاییەکی گەورە لە شیعرەکانی ئەو شاعیرە دەگرنەوە. سەبارەت بە فۆرمی شیعرەکانی وی، جگە لەوەی زمانێکی پاراو و پەتی بەکار دێنێ و ناوونیشانی جوان بۆ شیعرەکانی بەکاردێنێ، هەروەها وێنەی شیعریی ناسك بە وشە دروست دەکات و زۆربەی ئەو وشانەیشی بەکاری دێنێ، سەر بە فەرهەنگی منداڵن، ئەگەرچی لە هەندێ شوێندا زاراوەی قورس و وێنەی هونەریی گران بەدی دەکرێت. ئەو لە بەشێکی شیعرەکانیدا هەم کێش و هەم سەروا لەنگی و ناتەواوییان تێدا هەیە و هەندێ جار نیوە بەیتێك لەگەڵ نیوە بەیتێکی دوای خۆی ژمارەی بڕگەکانیان جیاوازی تێکەوتووە.



**Serçawekan**


Adak, Abdurrahman. (2014). *Destpêka Edebiyata Kurdî ya Klasîk*, Nûbihar, Çapa Duyem, Stembol.

Berzencî, Ehmed Seyîd Elî. (2004). (Kokirdinewe û Rekxistinî). *Sercemî Berhemî Şakir Fetah*, Dezgay Çap û Bilawkirdinewey Aras, Kitêbî Duwem, Çapî Yekem, Hewlêr.

Cemal, Sozan. (2006). *Saykolojî Mindal*, Berêweberêtî Giştî Çap û Bilawkirdinewe.

Ehmed, Nahîde. (2005). *Seretayek Derbarey Serheldanî Edebî Mindalanî Kurd*, Dezgay Çap û Bilawkirdinewey Mukiriyanî, Çapxaney Wezaretî Perwerde, Çapî Yekem, Hewlêr

Elî Ehmed, Newzad. (2007). *Mindal û Edeb (Lêkolînewe)*, Çapî Sêyemî Elîktronîk.

Fayeq, Ferhad. (2013). *Sirûdî Kurdî: Komelêk Sirûdî Neteweyî û Nîştimanî.*

Ferhadî, Heme Salih.(2014). *Pêgey şî'rî mindalan lay şairanî kurd*, Bilawkrawekanî Ekadîmiyay Kurd, Çapxaney Hajî Haşim, Hewlêr.

Firyad Mihemed, Sazdanî. (2009). "Çawpekewtin legel Letîf Helmet" *Govarî Peyemî* Rastî, J. 84.

Gerdî, Ezîz. (2005). *Serwa – lêkolineweyekî şîkarî berawrde le şî'rî kurdî da*, Dezgay Çap û Bilawkirdinewey Aras, Çapî Yekem. Hewlêr.

Helmet, Letîf. (2013). *Dîwanî Mindalan û Şî'r û Çîrok bo Mindalan*, Bilawkirawekanî Komeley Rûnakbîrî û Komelayetî Kerkûk, Çapî Sêyem, Kerkûk.

Hewramî, Hemekerîm. (2005). *Edebî Mindalanî Kurd (Lîkolînewe, Mêjû, Serheldan*), Çapkirawekanî Korî Zaniyarî Kurd, Çapxaney Wezaretî Perwerde, Bergî Yekem, Hewlêr.



Hewramî, Hemekerîm. (2007). *Edebî Mindalanî Kurd Diway Raperîn ( Lêkolînewe, Nirxandin, Mîkanîzmekan)*, Bilawkirawekanî Korî Zaniyarî Kurd, Çapxaney Dezgay Aras, Bergî Duyem, Hewlêr.

Hiyom, Cînot. (Bêtarîx). *Peywendikanî Dayik û Bawik be Mindalekaniyanew, Mindaleket Bem Core Perwerde Bike*, Wer:Selah Se'dî, Dar al-Ma'rife, Beyrût.

Komelê Pisporî Emrîkî. (2005). Geme le jiyanî mindalanda, Wer.Kemal Faruq, Bilawkirawekanî Dezgay Wergêran, Çapxaney Wezaretî Perwerde, Çapî yekem, Hewlêr.

Mehmûd, Fazil Mecîd. (2000). *Şî'rî Mindalan le Edebî Kurdî da*, Namey Master Pêşkeşkiraw be Zankoy Silêmanî.

Ocek, Nezîr. (2014). *Waneyên Rêzimana Kurmancî*, Çapa Yekemîn, Weşanên Sîtav, Van.

Qader, Zeyad Rashad. (2006) "Çawpêkewtin legel Emîn Mihemed", *Govarî Peyamî Rastî*, Jimare :103.

Qader, Zeyad Rashad. (2013). *Ziman û Mîdiya (Çend Serincêk Leser Layenî Rênûs û Ziman le Mîdiyakanî Herêmî Kurdistan da*) , Çapxaney Rojhelat, Çapî Yekem, Hewlêr.

Qerenî, Ehmed. (2007). *Şî'rî Fêrkirdin le Edebî Kurdî da (Nîwey yekemî sedey bîstem)*, Dezgay Çap û Bilawkirdinewey Aras, çapî yekem, Hewlêr.

Secadî, Bextiyar; Mehmudî, Mihemed. (2004). *Ferhengî  Şikariyaney Zarawey Edebî*, Dezgay Çap û Bilawkrdinewey Aras, Çapî yekem, Hewlêr.

Zîwer.(1985). *Gencîney Merdan û Yadaştî Rojanî Derbederî*, Mihemedî Mela Kerîm Pêşekî û Perawêzî bo Nûsîwe, Çapxaney, al-Şirîke Metbe' al-Adîb al-Baxdadîye, Bexda.